**هێژایان کاک گۆران و شلێرخانم!**

**دەستبەکاربوونتان بە پرۆژەی "دەنگەکان"، هەرچەندە کۆڵێک سەختی و شەکەتی و ئەرکی خستووەتە سەر شانتان و لەم جیهانی پووڵ و سەرمایەیەدا، کە تەواوی بەها و شتەکان تەنێ بە پووڵ دەرخێندرێن و ئێوەش مفت و لە سەر حیسابی کات و ماندووبوونی خۆتان و بێ پاداشت کارەکەتان ئەنجام دەدەن، هەنگاوێکی بوێرانە و ڕێچکەشکێنانەیە لە بواری میدیای کوردیدا، کە دەروازەیەکی ئازادی بە ڕووی کۆمەڵێک خەڵکدا کردووەتەوە، تا بتوانن ئازادانە و بێ ترس و دڵەڕاوکێ و دوور لە چاو و گوێ و کۆنترۆڵی ژدانۆڤ(Zjdanov)انی دەسەڵات و فەرهەنگیی کوردی، دەنگیی خۆیان هەڵبڕن و ئەوەی نابێ بگوترێ، بێڵێن و پەخشی بکەنەوە. دەنگەکان، ئەمڕۆ دەنگیی هەمووانە و دەنگیی بێدەنگانە و جێی هەموو کەسێکی تێدا بووەتەوە و هەموو تێیدا خانەخوێن نەک میوان. دەنگەکان، ئەوڕۆ یەک لە چرا بەهێزە ڕۆشناییبەخشەکانی میدیا و فەرهەنگی کوردە. ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئێوە. ماندوونەبن و دەستەکانت نەڕزێن و هەر خۆش بن. هەمیشە بەختەوەر و سەرکەوتوو بن.**

**ئەمجەد شاکەلی**

2005-6-8

---

**لە ساڵیادی دەنگەکاندا:**

**سلاّوو ڕێزو خۆشەویستی بەردەوامم بۆ ستافی دەنگەکان، لە ڕاستیدا من هیچ ناڵێم جگە لەوەی کە ماندوونەبوونیتان لێبکەم، ئەوەی پێمخۆشە بیڵێم ئەوەیە کە کاتێ بیر لە ماندووبوونی ئێوە دەکەمەوە لە ناخەوە هەست بە شەونخوونی ئێوە دەکەم، پێشموایە ئەوەی لەگەڵتانا نەژیێ نازانێ ماندووبوونی ئێوە چەندو چۆنە! دیارە لەبەرامبەر ئەو ماندووبوونەی ئێوە دا تەنها پاداشتێك چوونە ناو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی ئێوەیە کە من پێموایە ئێوە بەدرخانییەکی تری قۆناغێکی ژیانی ڕۆژنامەگەریی کوردین، بە هیوای بەردەوامیی......**

**جەمال پیرە**

**کوردستان**

---

**barez kak goran**
**barezan hawkarane saete dangakan**
**babonay teparbony 3 sal basar tamane malparakatanawa la naxawa perozbaetan ledakam, arkek ka keshawtana xzmate zore krdwaw am saetashe azezu xoshawest lay hamuman ragrtwa .**
**baheway bardawametanu xzmate zyatr.**
**dastan ba tunde dagushmu jareke deka perozbaye xomtan pe radagayanm.**

**jamal ayob**

**08.06.2005**

Slaw Goran Abdulla !
Am katat bash u bahiway gsht kateki xosh bo xot u hawkarant la Dangakanda.
Goran gyan, 3 Sal la kari lebrawana u bardawami Dangakan piroz bet. hiwadarm har bardawam u sarkawtubn la barawpeshawabrdni zytri Dangakan u Bardwami hamishaitan. 2bara pirozbaytan le akam u ba hiway sarkawtn u bardwamitan. itr kateki xosh

Aram Ali

---

**گۆران گیان وشلێر گیان**

**پیرۆز باییتان لێ دەکەم بە بۆنەی سێ سال گەیاندنی دەنگە جیاجیاکان بەیەکتر بە تاییەت دەنگی نووسەرانی ئافرەت و پیاوی ئازادیخواز و وپێشکەوتوو خواز و کۆمۆنیستەکان, لە ریگەی سایتەکەتان وە بەهۆی ماندوو بوونی ئێوەوە . ئەم سایتەی ئێوە بووەتە هۆی پێ گەیاندنی چەندین نووسەر و کردنی چەندین کەسی تر بە نووسەر وە من بۆ خۆم سوودێکی زۆرم لێ بینیوە بە تاییەت لە بواری ئاشنا بوونم بە بۆچوونە جیاوازەکان هەر بۆیە سایتەکەتان یەکێکە لەو سێ سایتەی هەموو رۆژێك لە پال سایتی رۆژەنە و سۆشیالیزم هەر ئێستا , چاویان لێ دەکەم دەستتان خۆش بێ و ماندوو نەبن لە بەردەوامی ئەم هەولەتان .**

**سەردار عەبدولا حەمەمین**

**ڤانکۆڤەر \ کەنەدا**

---